# قۆناغ و شێوازەکانی هاتنەناوەوەی ئیستعمار بۆ ئاسیا

## سێیەم: ئیستعماری بریتانی لە (هیند)

هیند یەکێک بووە لەو هەرێمانەی لە سەدەکانی (١٧) و (١٨)مین، بۆتە شوێنی ملاملانێیەکی بەهێز لە نێوان وڵاتانی ئیستعماری، کە لەدوایین جار ملاملانێیەکی توند لە نێوان ئیستعماری فەرەنسی و بریتانی ڕوویدا، بووە هۆی سەرکەوتنی بریتانییەکان و دەرکردنی فەرەنسییەکان لە زۆربەی ناوچەکانی هیند، لە هەندێ شوێنی بچووک نەبێ.

لە هەشتاکانی سەدەی(١٩)، زۆربەی هەرێمی هیند، بە تەواوەتی کەوتە ژێر دەسەڵات و هەژموونی بریتانیا، تەنها ناوچەی (بەنگال)ی هیندی نەبێ لە باکووری هەرێمەکە. بەو جۆرە بریتانییەکان، دەسەڵاتی خۆیان بڵاوکردەوە بەسەر هیند، کە بەیەکێک لە گرنگترین ناوچەکانی هەژموونی ئیستعماری بریتانیا دادەنرێ لە جیهان و ناوی بە(تاجی سەری بریتانیا) هاتووە.. لەساڵی (١٨٥٨) لەلایەن حکومەتی بریتانیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەڕێوەدەچوو. لە کاتێکدا پێشتر لەلایەن (کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی بریتانیا) بەڕێوەدەچوو. دوای ئەوەی فەرمانڕەوایەکی لەلایەن حکومەتی بریتانیا بۆ دەستنیشانکرا کە پێیان دەگوت (جێگری پادشا). ئەو کەسە هەموو سوپای لەژێر دەست بوو، وە خاوەنی دەسەڵاتێکی کارگێری فراوان بوو.

هیند لەژێر دەسەڵاتی ئیستعماری بریتانی، بووە گەورەترین بەکاربەری کاڵا و بەرهەمە بریتانییەکان. هەر لەهەمان کات، سەرچاوەیەکی سەرەکی بوو بۆ کەرەستەی خاو کە کارگە بریتانییەکان پێویستیان پێ بوو. سەرباری بوونی دەستی کاری زۆری هەرزان، دوای ئەوەی کۆتایهات بە پیشەسازی دەستکرد(پیشەگەری) بەرهەمە نێوخۆییەکان.

دوای ئەوەی بازارەکانی هیند پڕبوون لەکاڵاو بەرهەمی بریتانی، هانی دەسەڵاتدارانی بریتانیایدا بچنە نێو هیند. ئەو کاتە بریتانییەکان چەندین

جۆری(باج) یان خستە سەر گەلی هیندی، لە دیارترینیان باجی (خوێ) و باجی (ئەفیۆن). لەم ڕێگەیەوە داهاتێکی زۆری بۆ بەدەستهێنان. هەروەها سیستەمی بەکارهێنانی ئامێری کشتوکاڵیان بۆ زیادکردنی بەرهەم خستە ناو هیند، بەتایبەتی لە پیشەسازی (پەمۆ) و (قامیشی شەکر) و هەروەها (ئەفیۆن) کە زۆربەی بەرهەمەکەی هەناردەی (چین) دەکرا.

بۆئەوەی هەموو هیند بە شێوەیەکی تەواو بکەوێتە دەستی بریتانییەکان، دەسەڵاتدارانی بریتانیا، چەند ڕێکارێکیان پیادە کرد، لەمانەش:

1 – ڕێگریکردن لە گەشەکردن و پێشکەوتنی ڕۆشنبیری هیندی.

2 – کۆتایی هێنا بە سیستەمی کۆنی خوێندن و شێوازی نوێی خوێندنی داهێنا، بۆ ئەوەی چینی خوێندەواری (مام ناوەند) بەرهەم بهێنێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری بریتانییەکان و بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانیان. لە ساڵی (١٨٢٠) چەندین قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیان لە زۆربەی شارەکان و ویلایەتە هیندییە سەرەکییەکان کردەوە. هەروەها لە ساڵی (١٨٥٧) چەندین زانکۆیان لە شارە سەرەکیەکانی هیند کردەوە وەک شارەکانی (کەلکەتا، مەدارس، بۆمبای، دلهی). سیستەم و پرۆگرامەکەیان ، بەپێی تێڕوانین و سیاسەتی بریتانیا بەڕێوە دەچوو.

3 – بریتانییەکان کاریان کرد بۆ زیندووکردنەوەی داب و نەریتی کۆنی هیند.

4 – هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی ناکۆکیە تائفی و ڕەگەزییەکان.

لێرەدا سوودیان لە سروشتی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی نەگونجاوی کۆمەڵگەی هیندی وەرگرت، بۆ ڕاکێشانی بەشێک لە هیندییەکان بۆ لای خۆیان.

ڕێبەری هیندی (جەواهیر لال نەهرۆ) پوختەی سیاسەتی بریتانیای لە هیند لە وتەیەکدا نیشانداوە و دەڵێت:" بریتانییەکان دەبینی کە لەو کاتەدا لە وڵاتە ئەوروپییە پێشکەوتووەکان بوون، لە هیندستان بونەتە خەڵکێکی دواکەوتوو.

پشتگیری لە دەرەبەگەکان دەکەن، مولّکداری زەوی دروست دەکەن، یارمەتی فەرمانرەوا خۆسەپێنەکان دەدەن، پشتیوانی سیستەمی دەرەبەگایەتی دەکەن".

5 - بریتانییەکان کاریان کرد بۆ ئەوەی هیندستان بکەنە بنکەیەکی سەرەکی سەربازی و توانا مرۆییەکانی هیند، بەکاربهێنن لە پرۆسە سەربازییەکانی بریتانیا دژی وڵات و گەلانی دیکە لە ئاسیا و ئەفریقیا.